Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090412

# ڕۆڵی شێوەزاری ناوچەی پشدەر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا

ڕابەر  کاکەڕەش سەیدمینە

همزە حسین حمە

بەشی کوردی// کۆلێژی پەروەردە // زانکۆی ڕاپەڕین

## Article Info

Received:  September , 2022
Accepted : November  ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

زمان، زار، شێوەزار، شێوەی دیاریکراوی ئاخاوتن، وشەی فەرهەنگی.

## Corresponding Author

rabar.kakarash@uor.edu.krd
hamza.hussein@uor.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی شێوەزاری ناوچەی پشدەر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا)یە. زار و شێوەزارەکان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بابەت و ڕووداوی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە، ئاشکرایە شێوەزارە ناوچەییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانەکان دەبینن، دیارە شێوەزاری ناوچەی پشدەریش لەبەرئەوەی فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەندی هەیە وەکو شێوەزارێکی کرمانجی ناوەڕاستی گۆڤەری سلێمانی پڕپەتی لە چەندان کەرەستەی خاوی وشەی زمانی کوردی کە ڕۆڵی دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا. ڕوونکردنەوەو ناساندنی فەرهەنگی دەوڵەمەندی وشەی شێوەزارەکە، لەڕووی شێوازی گۆکردن و بەکارهێنانی وشەکان و جیاکردنەوەی وشەی شێوەزارەکە بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن و زمانپاراوی تاکەکانی ناوچەکە، هەروەها خستنەڕووی لایەنە جیاجیاکانی شێوەئاخاوتنی پشدەر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی کوردیدا.

ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی – شیکارییە، نموونەکان لە زاری کرمانجی ناوەڕاست و گۆڤەری  ناوچەی پشدەر وەرگیراون. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، لەبەشی یەکەم و تەوەرەی یەکەمدا پوختەیەك دەربارەی زمان و زار بەگشتی خراوەتە ڕوو، دواتر لەتەوەری دووەمدا هۆی سەرهەڵدان و زۆربوونی زار لە زماندا ڕوونکراوەتەوە، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا باس لە هۆیەکانی دروستبوونی زارەکانی زمانی کوردی کراوە، هەروەها لە تەوەری چوارەمدا پێوەندی نێوان زمان و و زار و لەتەوەری پێنجەمدیشدا جیاوازی نێوانیان ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتا تەوەری بەشی یەکەمدا باسی جۆرە جیاجیاکانی زار لە زماندا کراوە. لە بەشی دووەمیشدا بە درێژی باسی ڕۆڵی شێوەزاری ناوچەی پشدەر لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانەکەدا کراوە، بەشێوەیەك کە سەرەتا لە تەوەری یەکەمدا پوختەیەك دەربارەی جوگرافیای ناوچەکە خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا پوختەیەك دەربارەی فەرهەنگ خراوەتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمدا هۆکارە جیاجیاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ ڕوونکراوەتەوە، هەروەها لە تەوەری چوارەمدا ڕێگاکانی هاتنە ناوەوەی وشە بۆ ناو فەرهەنگ ڕوونکراوەتەوە، دواتریش زۆر بە پوختی جیاوازی نێوان زارە ناوچەیی و کۆمەڵایەتیەکان کراوە، ڕۆڵی زارە ناوچەییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا بەدرێژی ڕوونکراوەتەوە، هەروەها لە دوا تەوەری بەشی دووەمیشدا نموونەی پڕاکتیکی شێوەزاری فەرهەنگی وشەی زمانەکە ڕوونکراوەتەوە، کۆتایی توێژینەوەکەش بە خاڵەکانی ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان هاتووە.

## پێشەکی: بەشی یەکەم

١-١. پوختەیەك دەربارەی زمان و زار :

ئاشکرایە کە زمان گشت ئەو زار و شێوەزارانەی زمانێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، کە هاوزمانان قسەی پێدەکەن، تاکیش ئەندامێکی دیاری خانەوادەی کۆمەڵەکەیەتی کە لەوانەیە خوێندەوار یان رۆشنبیر بێت یاخود ئەندامی توێژێکی پیشەیی وەکو دادوەران، یان مامۆستایان بێت، هەرتاکێکی کۆمەڵیش کاریگەرییەکی زۆر بە شێوازی ئاخاوتنیەوە دیارە، شێوەی باوی کۆمەڵیش لەهەمانکاتدا کاریگەریەکی زۆری دەخاتە سەر، هەروەها شێوەزمانی هەریەکێك لە کۆمەڵگاکان بەرەنجامی شێوەزمانی کۆمەڵگاکە خۆیەتی، بۆیە تاکەکانی کۆمەڵ سەرجەمیان لەناو قاڵبی زمانێکی دیاریکراودا کۆدەبنەوە. لەلایەکی ترەوە لەئەنجامی کاریگەری و کارلێکی نێوانیان ژمارەیەك زمان و شێوەزار دروست دەبن کە هەریەکەیان خاسیەت و تایبەتمەندی و شێوەی دیاریکراوی خۆی هەیە.(نایف خرما، 1987: 126).

لەو روانگەیەوە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە زمانیش بەپێی ئەو کۆمەڵە جیاوازانەی کە قسەی پێدەکەن بەسەر زار و شێوەزاردا دابەش دەبێت، بۆیە وتراوە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەئەنجامی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونیدا دەگۆڕێت و سنوری بەکارهێنانی بەرفراوان دەبێت و گەشە دەکات، سەرەڕای ئەمەش زمان ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤە بۆیە جیاوازی تێدەکەوێت، بەمەش جیاوازی دەربڕین و قسەکردن، هەروەها زار پەیدادەبێت، زاریش شێوەی جیاوازی قسەکردن لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگرێتەوە، سەرەتا بە جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان و وشەکان دەستپێدەکات لەگەڵ بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی سنوری بەکارهێنانی زمانەکە گەشە دەکات.(ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١: ٦٧).

١-٢. هۆی سەرهەڵدان و زۆربوونی زار لە زماندا :

بەگشتی زمان لە چەندەها زار و شێوەزار پێکهاتووە و لە نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە هەریەکەیان بارودۆخێکی دیاریکراوی خۆی هەیەو لە هۆکاری پەیدابوون و دابەشبوونی زاریشدا جیاوازن.(بەکر عومەر علی و شێرکۆ حمە ئەمین، ٢٠٠٦: ٢٠). ئاساییە کە هەر زمانێك چەند زارێکی هەبێت، هەروەها بوونی زار لە زماندا هۆی دەوڵەمەندیی زمانە، بەمەرجێك زارەکانی هەموویان یەك ڕێگا بگرنەبەر و بچنە ناو زمانی یەکگرتووی کوردی و هەر زارێك بەگوێرەی پێویست کەلێنێك بگرێ و هێزێك بە زمانەکە ببەخشێت، نەوەك هەریەکە و ڕێگایەکی جودا بگرێت و لە زمانی دایك دووربکەوێتەوە و ببێ بە زمانێکی سەربەخۆ.(عبدالمحسن بنی ویس علی، ١٩٨٧: ١٥٥). هەندێجار نێوان ئەو شێوەزارانە دەگاتە ئەوەی هەریەکەیان بەپێی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەك سەربەخۆ بن، جیاوازی زۆر دەکەوێتە نێوانیان لەگەڵ ئەوەشدا کە لە یەك دایکەزمانەوە هاتبن، لەئەنجامی لێك دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە ڕووی ئاخاوتنەوە، قسەکەرانی کۆمەڵگەکە ناتوانن بە ئاسانی لەیەکتر بگەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو شێوە زمانانە بەپێی بارودۆخ و شوێنی جوگرافی بەکارهێنانی زارەکە جیادەبنەوە و دووردەکەونەوە تا هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ لە کاروباری ڕۆژانە و زانستدا بەکاردەهێنرێت. (نایف خرما، ١٩٨٧: ١٢٧).

لەلایەکی ترەوە لەوانەیە هۆی سەرهەڵدانی زار و شێوەزار تەنیا هۆی بەکارهێنانی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر و کۆمەڵانی جیاواز لەناوچە جیاجیاکان نەبێت، بەڵکو بەهۆی دابەشبوونی زمانێك بۆ زارە ناوچەییەکان، شێوەی قسەکردنی هەر ناوچەیەك جیاوازە یاخود بڵاوبوون و دابەشبوونی یەك زمان بۆ ژمارەیەك زاری کۆمەڵایەتی کەوا هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ بە زارێك قسە دەکەن.(علی عبدالواحد الوافی، ١٩٩٦: ١٠٧).

١-٣. هۆیەکانی درووستبوونی زارەکانی زمانی کوردی:

1. هۆی جوگرافی: جیاوازی ئاو و هەوای سروشتیی وڵات و ژینگە، ئەوەی کە هەر ناوچەیەك لەناوچەیەکی تر جیادەکاتەوە، زنجیرە چیا و ڕووبار و دەریا...هتد، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زاری جیاجیا لە سنووری زمانێکدا.

2. هۆی کۆمەڵایەتی: ئەمەش پێوەندی بە داب و نەریت و خو و ڕەوشتی کۆمەڵگەو ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. (هەمان سەرچاوە، 108).

3. هۆی سیاسی: دوو لایەن دەگرێتەوە:

أ. میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت.

ب. حکومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانی سنووری دەسەڵاتەکەی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بشکێت، دەسەڵاتی ناوەندی لاواز دەبێت، لەئەنجامدا هەر شوێن و ناوچەیەکی زمانەکە یان زارەکە دەبێتە شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت. (نەریمان عەبدوڵڵا و ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩: ٧٣).

١-٤. پێوەندی نێوان زار و زمان:

زمان ئامرازی لەیەکگەیشتن و گۆڕینەوەی بیر و ڕا و دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە، لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵانی نەتەوەیەکدا بەپێی شوێنی جوگرافی زمان شێوەی ئاخاوتنی جیاواز وەردەگرێت، واتە لق لە زمانەکە جیادەبێتەوە، ئەم لقانەش پێیان دەوترێت زار، واتە زمان ئامێرە گشتیەکەیەو هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتیەکە قسە دەکەن، جگە لەمەش تا زمان نەبێت زار دروست نابێت، هەروەها زمانیش بەبێ زار نییە، بۆیە پێوەندی نێوان زمان و زار پێوەندییەکی تەواوکارییە، واتە پێوەندی بەشە بە گشتەوە.(ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ١٨). بۆ نموونە زاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی دانیشتوانی ناوچەکانی (سلێمانی، هەولێر، پشدەر، گەرمیان، سۆران) دەگرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە پێوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان زمان و زاردا هەیە، هەر زارێك لەڕووی پێنووس و نووسینەوەی ڕێزمانەکەی و دانانی فەرهەنگەوە دەشێت لەئەنجامدا پلەی زمان پەیدا بکات و ببێتە زمان (هەمان سەرچاوە، 19).

١-٥. جیاوازی نێوان زمان و زار:

جیاکردنەوەی زار و زمان بە گشتی پشت بە سێ بنەما دەبەستێت:

1. بنەمای لەیەکگەیشتن: زمان پەیوەستە بەم بنەمایەوە، بەڵام زار پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، واتە کاتێك دوو زار لەیەك گەیشتن ئەوا زمانێك پێکدێنن، بەڵام کاتێك لەیەکتر نەگەیشتن هەریەکەیان بەرەو زمانێکی سەربەخۆ دەچن.

2. بنەمای قەبارە: زمان گشتییە، سنورێکی جوگرافیای فراوان دەگرێتەوە، تارادەیەك هەموو زارەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام زار تایبەتییەو سنورێکی جوگرافیای دیاریکراو دەگرێتەوە (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمە ئەمین، ٢٠٠٦: ١٥).

3. بنەمای ناوداری: بە بڕوای زمانەوانانی کۆمەڵایەتی تەنیا یەك جیاوازی لە نێوان زمان و زاردا هەیە، ئەویش زمان ناودارترە، هیچ خەوشێکی پێوە نییە، واتە کەس گلەیی لێناکات، کەچی زاری ناوچەیی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەجۆرێکی تر سەیر دەکرێ، بەتایبەتی کاتێك کەسێك دەچێتە ناوچەیەکی تر، ئەگەر بە زمان (زمانی ستاندارد) قسە بکات بە ئاسایی دادەنرێت، بەڵام کە بە زار قسە بکات ئاسایی نییە.(قەیس کاکل تۆفیق، ٢٠٠٧: ٦٤).

4. زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێ، بەڵام زار بەپێی ڕەگەزی جوگرافیا و دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێت.(بەکر عومەر علی و شێرکۆ حمە ئەمین، ٢٠٠٦: ١٤).

5. زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لەنێوان زارەکانی ئەو زمانانەدا هەن، لەگەڵ ئەوەشدا زار لەسەر بنەمای نێوان جیاوازیەکانی زمان دروست دەبێت.

6. بەشێوەیەکی گشتی زمان دابەشدەکرێت بۆ زمانی (نووسین، ئاخاوتن، جەستە)، بەڵام زار ئەم جۆرە دابەشکردنەی نییە، بەڵکو زار جۆرەکانی زاری (ستاندارد، ناوچەیی، کۆمەڵایەتی، فەرمی..هتد) دەگرێتەوە.

١-٦. جۆرەکانی زار:

لە زۆربەی زمانە جیهانیەکان سەرباری زاری سەرەکی کۆمەڵێ زاری تریش دەبینرێ کە دەتوانرێت بەمشێوە بخرێنە ڕوو:

1. زارە ناوچەییەکان: هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تر شێوەی ئاخاوتنی جیایە، بەشێوەیەك هەندێ وشە و زاراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراو بەکاردێت، بەبێ ئەوەی لەناوچەیەکی تر بەکاربهێنرێت. (نەریمان عەبدوڵڵا و ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩: ٧١).

2. زارە کۆمەڵایەتیەکان: ئەمەشیان پێوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن و لایەنی نەتەوەییەوە هەیە، واتە بەگوێرەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری کەسێك لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی ئاخاوتنیان دەبێت.(بەکر عومەر علی و شێرکۆ حمە ئەمین، ٢٠٠٦: ٧٢).

3. زارە پیشەییەکان: هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی تایبەتی خۆیەتی، بەهۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی تر جیا دەکرێنەوە، بۆیە ئەم زارە بەو تایبەتیە زمانیانە دەوترێت کە لەلایەن خاوەن پیشە تایبەتەکانەوە بەکاردێت کە بەهۆیەوە پێوەندی نێوان هەموو ئەوانەی خاوەنی ئەم پیشەیەن دەبەسترێت.(حسام البهناوی، ٢٠٠٤: ٩).

4. زاری پەتی: ئەمەیان دەبێتە شێوەی فەرمی، بەهۆیەوە نوسین و خوێندن بەو زارە دەبێت، بۆیەش هەندێجار بە زاری فەرمی ناودەبرێت. (نەریمان عەبدوڵڵا و ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩: ٧٤).

5. زاری ڕەمەکی: بەو قسە و ئاخاوتنانە دەوترێت کە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و کافتریا و بازاڕ بەکاردێت، لەهەموو جۆرەکانی تر نزمترە، شێوەیەکی ڕەمەکی پێوە دیارە.

6. زاری ڕەگەزی: باسی شێواز و تایبەتمەندی ئاخاوتنی ڕەگەزی نێر و مێ دەکات.

## بەشی دووەم

٢. ڕۆڵی شێوەزاری ناوچەی پشدەر لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا:

٢-١. پوختەیەك دەربارەی ناوچەی جوگرافی پشدەر:

لەڕووی دابەشبوونی جوگرافیای سیاسی دەکەوێتە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، (پشدەر هەڵکەوتەیەکی شاخاوییەو لە هەر چوار لاوە بە زنجیرە چیاکانی کێوەڕەش، ئاسۆس، کوڕێس، مامەندە و قەندیل دەورە دراوە) (عەبدوڵڵا غفور،2000: 47)، جگە لەمەش دانیشتوانی ناوچەکە بەسەر زیاتر لە (350) گونددا دابەش بوون. جگە لەمانەش قەزای پشدەر لەڕووی یەکەکارگێڕیەکانیەوە کە ناوەندەکەی شاری قەڵادزێیە لە پێنج ناحیەی (سەنگەسەر، ژاراوە، ئیسێوە ، هەڵشۆ و هێرۆ) پێکهاتووە.

لەلایەکی ترەوە ئەو گوندانەی کە دەکەونە دەڤەری پشدەر (کۆمەڵە، خڕەجوێ، کەنجاڕەی خوارێ، کەنجاڕەی سەرێ، سوڵتانەدێی کۆن، سوڵتانەدێی نوێ، تۆپزاوا، کەرسۆنان، برایماوا، قادراوا، ژاراوە، خەندەکە، بەستەستێنی خوارێ و سەرێ، بەردەپان، قەلاوە، زورکانی کۆن و نوێ، دەروەکۆتر، سیدەلان، زوودان، دەرگەڵا، مامژیلە، سپێرۆ، قرژاڵە برە، گردئێستر، شەروێت، ...هتد) هەروەها گوندەکانی بناری قەندیلیش بریتین لە: (سەرخان، ئاڵیە ڕەش، زێوکە، بەستێ، بەردێنان، مارەدوێ، کوڵکوڵە، کوزینە، تەێ، سورەگڵە، شناوە، سپیە گڵە، ڕەزگە، قەڵاتوکان، ئەبوبەکرێ، باریکان . سێوەیس، دەشتێوان، شێخان، خواران، ورتە، بێپاڵان). (عەبدوڵڵا ڕسوڵ عەبدوڵڵا، 2013: 43).

دانیشتوانی گوندەکانی پشدەر بە کار و باری کشتوکاڵی خەریکبوون، بەشێکیشیان بە ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا مەڕدارەکانی ژیانێکی نیوەکۆچەریيان لەپێناو بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان بەسەربردووە، لە وەرزی کۆچکردندا لەهەر گوندێکدا یەك دوو کەسیان بەجێهێشتووە، کە (گەزەکچی )یان پێگوتوون. (مەلا علی ئەبوبەکرێ، 2004: 116).

لەڕووی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە لە ناو هۆزەکانی دەڤەری پشدەر گیانی تەبایی و پێکەوە ژیان و هاوکاریکردن و کاری هەرەوەزی بەتایبەتی لەناو گوندنشینەکاندا هێندە باوبووە، کە خەڵکەکە بەگشتی لەهەر خۆشی و ناخۆشییەك بەشداری کار و باری یەکتریان کردووە، هەروەها لەهەر گوندێك کوێخای تایبەتیان هەبووەو لەڕێگەی کوێخا و یەك دوو پیاو ماقووڵەوە کێشە و گرفتەکانی ناوخۆ و دەرەوەی هۆزەکەیان چارەسەر

كردووه، لەبەرئەوەی هەموو خەڵكی گوند گوێڕایەڵی بڕیارەكانی پیاوماقوڵانیان كردووە. (علی خدر علی، ٢٠١١: ٤٨). لەڕووی ئاینیەوە هۆزەكانی ئەم دەڤەرە پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیان كردووە، بەشێوەیەكی ئاشتیانە ئایینەكەیان وەرگرتووە، سوونەمەزهەبن تاكو ئێستاش پەیڕەوی بەهاو بنەما پیرۆزەكانی ئیسلام دەكرێت لەناوچەكە. (احمد محمود خلیل، ٢٠١٠: ١٤٠).

لەڕووی زمان و شێوەی ئاخاوتنیشەوە هۆزەكانی بە زمانی كوردی و دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست قسە دەكەن و بەشێكن لە شێوەزاری موكری و موكریش بەشە دیالێكتێكی دیاری سەر بە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاستە، واتە دیالێكتێكی ناوچەیی ئەو دیالێكتەیە (فوئاد حمە خورشید، ١٩٨٥: ٦٢). بەپێی ڕای زمانەوانان و مێژوونووسان هەردوو هۆزی گەورەی (مەنگوڕ و مامەش) لە دەڤەری پشدەر كە دوو هۆزی سەر بە شێوەزاری ناوچەكەن بەشێكن لە هۆزەكانی موكریان، موكریانیش دەچنەوە سەر ماددەكان (محمدامین زەكی، ٢٠٠٤: ٢٦٦).

لەڕووی نیشتیمانی و نەتەوەییشەوە، لە مێژووی پڕ لە سەروەری بەرخودان و كوردایەتییەوە لەكۆنەوە تاكو ئەمڕۆ هۆزەكانی دەڤەرەكە بەشداری بەرچاویان لە شۆڕشە كوردیەكاندا هەبووە، مێژوویەكی پڕ سەروەریان بۆخۆیان و گەلەكەیان تۆماركردووە، ئەمەش بەهۆی سروشت و خو و نەریتی خەڵكی دەڤەرەكەو هەڵكەوتی جوگرافی ناوچەكەیان.

سەرباری ئەمانەش لەڕووی جوگرافیای ناوچەكە سنوری دەڤەری پشدەر بەشی باشووری كوردستان بەپێی نەخشەی حكومەتی هەرێم لە بەشی باكوری ناوچەكەوە زنجیرە چیاكانی سادر و گەلاڵە و كوڕەش و قەندیل دەگرێتەوە، لەبەشی ڕۆژئاوای ناوچەكە، پشدەرە ڕەقەی ئاكۆیان و چیای كێوەڕەش، لە بەشی باشووری ناوچەكە دەربەندی ڕانیە و بەشێك لە زنجیرە چیای ئاسۆسە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەكەش مەڵبەندی شاری قەڵادزێ و زنجیرە چیاكانی بلفەت و چواس و مامەندە دەگرێتەوە.

٢-٢. پوختەیەك دەربارەی فەرهەنگ:

فەرهەنگ هەگبەیەكی تۆماركردنی وشەكانە، بە مەبەستی پاراستنی وشەكانی زمان لە فەوتان و لەناوچوون، كتێبێكی سەرچاوەییە، وشە و زاراوەی زمانێكی دیاریكراوی تێدایە كە بەشێوەیەكی تایبەتی ڕێكخراون، لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەك و دەرخستنی هاوواتاكەی لە هەمان زماندا، یان زمانێكی بیانیدا، لەگەڵ ڕوونكردنەوەی ئەو وشانەی كە لێوەی وەردەگیرێت و بەكارهێنانی مانا جیاجیاكانی و ڕوونكردنەوەی شێوازی گۆكردن و واتای جیاوازی وشەكان. (محمد علی الخولی، ١٩٨٢: ٧٤).

لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤدا تەنیا كەرەستەكانی دەوروبەری كە بۆ ژیانی ڕۆژانەی گرنگ بوون بە وشە بەرجەستەكردووە، دواتر لەگەڵ گەشەسەندنی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی پێویستیەكانی بۆ دەربڕین زیادی كردووە، ئەم وشانەش شێوازی گۆكردن و واتاكانیان بەپێی سیستەمێكی ڕێك لە فەرهەنگی مێشكی مرۆڤدا خەزنكراون، هەر وشەیەك پێویستە ئەندامی گروپێكی مێشكی مرۆڤ بێت تاكو بەیەكەوە واتاكانیان ڕوونێتەوە.

جگە لەمەش كاتێك سەیری هەر زمانێكی پێشكەوتووی ئەمڕۆ بكرێ چەندەها وشەی تێدایە كە بەرەنجامی ڕەنگدانەوەی ژیانی كۆمەڵ و سروشتی پیشەو كارەكانیەتی، ئەمەش ڕێژەی پێشكەوتنی بیری تاكەكانی مرۆڤ دەردەخات. (تابان محمد سعید، ٢٠٠٨: ٦). سەرباری دەوڵەمەندی فەرهەنگی وشەی زمان پێویستە هەردەم ئامادەبێت بەمەبەستی وەرگرتنی وشەی تازە، بۆئەمەش پێویستە كەرەستەو وشەی فەرهەنگیی نوێ بهێنرێت و مانای نوێی بۆ دابنرێت، لەڕێی دەوروبەری زمانیی و نازمانییەوە. (بكر عمر علی، ٢٠٠٠: ١٤).

ڕاددەی پێشكەوتنی هەر گەلێك پەیوەستە بە گەشەسەندنی فەرهەنگ و كەلتوری زمانەكەیەوە، واتە تا چەند فەرهەنگی وشەو كەلتووری دەوڵەمەند بێت ڕاددەی گەشەسەندنی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بەرزتر دەبێت، هەروەها ڕاددەی ڕۆشنبیری هەر گەلێك لە ڕێی ناسین و سەیركردنی فەرهەنگی گەلەكەوە دیاری دەكرێ، دیارە ئەمەش پەیوەستە بە شێوازی ژیانی كۆمەڵایەتی ئەو گەلەوە لەهەر بوارێكدا پێشكەوتوو بن فەرهەنگی زمانەكەیان لەو بوارەدا دەوڵەمەندە. (تابان محمد سعید، ٢٠٠٨: ٥).

بۆ دەوڵەمەندكردنی زمان پێویستمان بە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ هەیە، چونكە پێوەندییەكی بەهێز لەنێوان زمان و فەرهەنگدا هەیە، بەكۆی دانەكانی فەرهەنگ دەوترێت زمان. (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ١٠).

لەلایەكی ترەوە مرۆڤ سەرەتا هێمای بۆ گشت كەرەستەكانی ژیانی ڕۆژانەی داناوە، بەڵام قۆناغی پەیدابوونی وشە ئەبستراكتەكان بۆ ئەو كاتانەی كە بیری مرۆڤ فراوان و ئاڵۆز بووە دەگەڕێتەوە، كاتێكیش ئاستی ڕۆشنبیری بیری تاك گەشەی كردووە، بۆیە ئەو ڕێژە زۆرەی وشە ئەبستراكتەكان لەزماندا نیشانەی بەرچاوی دەوڵەمەندی فەرهەنگەكەیەتی، جگە لەمەش هۆی سەركەوتنی فەرهەنگیش دیاریكردنی زۆربەی زانیاریەكانە، لەبەرئەوەی لەزۆربەی فەرهەنگەكاندا واتای وشەكان و شێوەی ئاخاوتن و ڕەگ و ڕەچەڵەكیشیان دەردەخرێ، هەر وشەیەك كە دێتە ناو زمان لەبوارێكدا بۆ پڕكردنەوەی پێویستییەكی كۆمەڵایەتی دێتە ناو زمانەوە. (ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ١٩٩٢: ٩).

بەپێی ئەو دابەشكاریەی كە زمانەوانان بۆ فەرهەنگیان كردووە دەكرێت كە فەرهەنگی زمان بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە جیا بكرێتەوە :

1. فەرهەنگی بنەڕەتی.
2. زاراوە دروستكردن.
3. وەرگرتن: أ. دراوسێ   ب. جیهانی

جگە لەمەش بەشێوەیەكی گشتی فەرهەنگ بۆ جۆرەكانی فەرهەنگی (بنەڕەتی ، گشتی) جیادەكرێتەوە.

1. فەرهەنگی بنەڕەتی: كۆی ئەو وشانەیە كە لە زماندا هەن و كۆمەڵ بەگشتی لەسەری ڕێككەوتوون، وشە خۆماڵیەكانی زمان دەگرێتەوە، واتە بریتییە لە فەرهەنگی وشەكانی زمان، ئەو وشانەی كە مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە ئاشنایان بووە. (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ١١). ئەم فەرهەنگە پێوەندی بە هەموو لایەنەكانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، كە بنەمای

گشتی زمانن، لە کاتی هەڵبژاردنی وشەیەك یان دروستکردنی زاراوەدا پەنا دەبرێتە بەر وشەکانی ئەم فەرهەنگە، واتە بناغەی دروستکردنی وشەی ترە لە زماندا، گشت زمانێك فەرهەنگی بنەڕەتی خۆی هەیە، فەرهەنگی زمانێك جیایە لە زمانێکی تر تەنانەت ئەو زمانانەش کە سەر بەیەك ڕەچەڵەکن. (هەمان سەرچاوە، 12). نموونەی وشە بۆ ئەم جۆرە فەرهەنگە، وەکو:

ناوی ئەندامانی لەش و جەستەی مرۆڤ: ( مێشك ، چاو ، دەست ، قاچ...).

ژمارە بنچینەییەکان: (یەك ، دوو ، سێ).

ناوی ڕووداو: (وەستان ، قسەکردن ، هاتن)

وشەکانی گەردوون: (ئاسمان ، ڕۆژ ، مانگ ، ئەستێرە)

2. فەرهەنگی گشتی: ئەو وشانەی بەرەنجامی تێکەڵاوی میللەتانی ترن، وشەی فەرهەنگی بنەڕەتی، گشت وشەکانی زمان لەهەر بوارێکدا کە بەهۆی پێویستی ڕۆژانە هاتوونەتە ناو زمانەوە، تەنانەت لە زمانە دوورەکانیشەوە بەهۆی (ئابووری ، بازرگانی و تێکەڵاوی و زانستی) وشە دێنە ناو زمانەوە (تابان محمد سعید، ٢٠٠٨: ٧).

فەرهەنگی گشتی بەهۆی چینەکانی کۆمەڵ دەوڵەمەند دەبێت، لەچ بوارێکیشدا پێشکەوتوو بێت فەرهەنگەکەی بەزۆری لەوبوارەدا دەوڵەمەند دەبێت، سەرەڕای ئەمەش بەپێی چالاکی وشەکانی فەرهەنگی زمان و بواری بەکارهێنانیان دوو بەشن: گەنجینەی وشە (ئەکتیڤەکان و پاسیڤەکان). بۆیە گەنجینەی وشە ئەکتیڤەکان ئەوانەن کە هەمیشە بەسەر دەمەوەن و بەکاردێن، هەموو مرۆڤێك بەپێی جیاوازی تەمەن و پیشە و شوێن، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی بەکاریان دێنێت، ئەو وشانەی کە دەیانزانێت و ئەوانەشی بەزۆری لە قسەکردندا بەکاریان دێنێت، بەڵام وشە پاسیڤەکان ئەوانەن کە زانراون، بەڵام لەچاو ئەکتیڤەکاندا کەمتر بەکاردەهێنرێن، بە دوو شێوە لە زماندا دەردەکەون یان تازە پەیدابوون و لەلایەن گروپێ خەڵکەوە بەکاردێن یاخود خەریکە لەکاردەکەون). (هەمان سەرچاوە، ٨). لەلایەکی ترەوە ئاستی ڕۆشنبیری تاك هۆی سەرەکییە کە وشەی ئەکتیڤ و پاسیڤ لە فەرهەنگدا دروستدەکات، لەبەرئەوەی وشە پاسیڤەکان بەپێی تەمەن و پیشەی کەسەکە جیاوازن و ولای کۆمەڵێك بەکاردێن و لە فەرهەنگی گشتی تۆماردەکرێن، ئەو وشانەی پێوەندییان بە پلەی خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری بەرزەوە هەیە دەچنە گەنجینەی وشەی پاسیڤەکانەوە، کەچی هەندێ وشەی تر هەیە کە بێلایەنن لەڕووی دۆخی بەکارهێنانی زمانەوە لە هەموو شێواز و کاتێ دەتوانرێ وەك خۆیان بەکاربێن. لە زمانی کوردیشدا هەندێ وشە هەیە بێلایەنە، هەندێ وشەش هەیە دۆخێکی جیاواز و تایبەتیان هەیە.

٢-٣. هۆکارەکانی دەوڵەمەنبوونی فەرهەنگ:

هەموو زمانێك بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە فەرهەنگی وشەکانی فراوان و زیاد دەکات:

1. هۆکاری زمانەوانی: لەم بوارەدا وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، لەئەنجامی تێکەڵاوی و کاریگەربوونی کورد بە ڕۆشنبیری جیهانی بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ئاستێکی زۆر بەرز بەخۆیەوە ببینێت. بۆ نموونە (ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، بەرکار، بڕگە.....هتد) کۆمەڵێك زاراوەی دیاریکراون بە بواری زمانەوانی، بەشێکیان بەپێی دەستووری زمانی کوردی داڕێژراون. هەروەها چەندان وشە بەهۆی بواری زمانەوانی هاتوونەتە ناو فەرهەنگی وشەی زمانی کوردییەوە، وەکو:

زمانەوانی - زانستی زمان (Linguistics)(بەدران ئەحمەد حبیب، ٢٠٠٥: ٩٧). ئیدیەم (Idiom)، ئەلۆمۆرف (Allomorph)، ئەلۆفۆن (Allophone)، بزوێن (Vowel) ... هتد.

2. هۆکاری ئابووری: ئەم لایەنەیان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، دیاردەی چالاکیە ئابووریەکان شێوازێکی تایبەت دەبەخشن بە زمان لە وشە و واتا، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی بوونی دیاردەی جیاواز، کە لە زمانی نەتەوەکاندا بەپێی جیاوازی جۆری بەرهەم و سیستەمی ئابووری و کار و باری ژیانی مادی و جۆری پیشە و کارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و ڕاوکردن (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١: ٢٠)، لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕای زمانەوانان دیارە کە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی لایەنی ئابووری وڵات کاردەکاتە سەر دەوڵەمەندی زمان و لەو ڕێیەوە چەندان وشە و زاراوەی تازە دێنە ناو فەرهەنگی زمانەوە، جگە لەمانەش فراوانبوونی باری ئابووری دوای ڕاپەڕین و تێکەڵی کورد لەگەڵ میللەتانی جیهان، هەروەها پێشکەوتنی بەرچاوی ئابووری جیهانی هۆکاری گەشەسەندن و هاتنەکایەی کۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بەم بوارە بوون (تابان محمد سعید، ٢٠٠٨: ٩٤)، بۆ نموونە (دینار، گەڵا، دۆلار، یۆرۆ، پاوەن، لیرە...).

3. هۆکاری کۆمەڵایەتی: شارستانیەتی نەتەوایەتی هەرگەلێك شێواز و سیستەمێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەروەها لە کردەی بیرکردنەوە و چالاکیە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان و تێکەڵی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بە بوار و کردە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان لە ئەنجامی تێکەڵاوی تاکەکان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانەکە دێتە کایەوە.

4. کارتێکردنی نێوان دوو زمان: لەڕێی ئەدەبیات و فەرهەنگ و خستنەڕووی بیرو باوەڕی جیای تاکەکان، چونکە ئەدەب وەکو زانستەکانی تر خاوەنی زاراوەی تایبەتی خۆیەتی لەنێوان بەش و ڕێبازە جیاجیاکانی ئەدەب، بۆنموونە شیعر ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زماندا هەیە، بۆ داهێنانی زاراوە و دەربڕینی نوێ بەپێی ئەو خەیاڵ و ئەندێشە فراوانەی شاعیر و ئەو مەبەستەش کە شاعیرەکە بەپێی تێڕامانی بۆ دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕێبازەکانی ئەدەب گرنگی پێدەدات، سەرەڕای ئەمەش هۆنراوە و زمان هەر لە زۆر دێرینەوە وەکو دوو هێڵی تەریب لەگەڵ یەك هەنگاویان ناوە بەپێی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سروشتیەکان گەشەسەندنە ئابووری و پێشکەوتنە کەلتووریەکان گۆڕاون، پێوەندییەکی دیالێکتی زۆر بەهێز لەنێوانیاندا هەبووە، بۆیە دەکرێ بوترێ کە ئەدەب بەگشتی ئاوێنەی ژیانی تایبەتی گەلە، چونکە هەر سەردەمێکی ژیانی مرۆڤایەتی بیرو بۆچوون و شێوازێی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی قۆناغ و باری سیاسی دەسەڵات و سەردەم دەگۆڕێت، کاریگەری

بەرچاوی لەسەر فەرهەنگی وشەی زمانەکە دەبێت، دیارە هەر سەردەمە و میللەتی کورد بەپێی بار و دۆخ و باری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەدەبێکی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە جیاوازە لەوانی تر، بۆنموونە سەرەتای رێبازی شیعری کلاسیکی کوردی، بەپێی تێکەڵاوی زمانی شاعیران لەگەڵ گەلانی دراوسێدا شیعرەکانیان بە زمانێکی تێکەڵی (کوردی - فارسی، عەرەبی ، تورکی) نووسیوە، بەتایبەتی زمانی عەرەبی کاریگەری بەرچاوی لەسەر فەرهەنگی وشەی زمانی شاعیرانی کورد لەو سەردەمە هەبووە، چونکە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە شێوازی زمانی ئایینی ئیسلام و پەیامن بۆ مرۆڤایەتی، کاریگەری بەرچاویان لەسەر بیری خەڵك و شاعیران هەبووە. (رۆژان نووری عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٢١٦).

٢-٤. رێگاکانی هاتنە ناوەوەی وشە بۆ ناو فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی:

بەگشتی هەموو زمانێك فەرهەنگی وشەی زمانەکەی تێکەڵ بە وشەی زمانانی تر بووە، جا ئەمەش بەهۆی وەرگرتن یا وەرگێڕان بوویێت کە هۆی دەوڵەمەندی زمانەکە بووە، بەپێی ڕای زمانەوانانیش فەرهەنگی وشەی هەر زمانێك پێویستە لەگەڵ زمانانی تر بڕوات، زمانی کوردی بۆئەوەی لەگەڵ زمانی تر بڕوات، سوود لە شارستانیەت و پێشکەوتنی زمانەکانی تر وەرگرێت، پێویستی بە چەند ڕێگایەك دەبێت، وەکو وەرگرتنی وشە وەکو خۆی، دەربڕینی وشە بەپێی فۆنۆلۆجی زمانە بیانیەکە، وەرگێڕان یا فراوانکردنی واتای وشەکان، داڕشتنی وشە بەپێی سوود وەرگرتن لە زمانەکە خۆی. (یوسف شریف سعید، ٢٠٠١: ٧٢).

1. داڕشتن: یەکێکە لە ڕێگا زۆرباوەکانی زمانی کوردی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، زۆر وشە و زاراوەی زمانەکە بەم ڕێگایە دروستبوون، چونکە هۆکارێکی بەرچاوە لە زۆربوونی وشە و گەشەی زمانی (حاتم صالح الضامن، ١٩٩٠: ٧٠)، ڕێگایەکە لە وشەی سەربەخۆی زمانی کوردییەوە، بەیارمەتی پێشگر و پاشگر دەتوانێ وشەی نوێ دابڕێژرێت. دیارە کە پاشگری ڕێزمانی و وشەدارێژ جیاوازن هەریەکە بە شێوازی خۆی وشەی نێ دادەڕێژرێت، پاشگری ڕێزمانی ئەو وشانەی لێیەوە پەیدا دەبن، وشەی تری لەسەر دەڕوات، بەڵام مۆرفیمی وشەدارێژ واتای نوێ بە وشەکە دەبەخشێ، پێویستە لە فەرهەنگدا بەجیا بنووسرێ، داڕشتن ڕێگەیەکی زۆرباوە بۆ دەربڕینی واتای نوێ لە زماندا، بەتایبەتی لە کێڵگەی تەکنەلۆژیدا، کە زانستە جیاجیاکانی وەکو کۆمپیوتەر و پزیشکی و زانستی سروشتی و داهێنانە نوێیەکان دەگرێتەوە. (تابان محمد سعید، ٢٠٠٨: ٤٣).

2. داتاشین: بەهۆی ئەم ڕێگایە دوو شە یان زیاتر دەخرێنە پاڵ یەکتر، بەهۆیەوە وشە و زاراوەی نوێ دروست دەبێت، بەڵام لێرەدا گۆڕانکاری فۆنۆلۆجی بەسەر خودی وشەکاندا دێت، وەکو :

تام + ئارەزوو = تامەزرۆ

پایە + شا = پاشا

3. وەرگێڕان: لەم ڕێگایەدا وشەیەك لە زمانێکی بیانی بەرامبەرەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕانیش وەکو ڕێباز وەرگێڕانی (وشە بە وشە، ڕستە، واتا و چەمك) دەگرێتەوە. بۆ نموونە:

قلم: پێنووس، غرفة: ژوور ، رأس: سەر ... هتد.

4. وەرگرتن: وەرگرتن لە زمانی بیانیەوە، ڕۆڵێکی کارای لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی هەر زمانێك هەبووە، وشەی بیانیش ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە زمانێکی بێگانەوە هاتبێت و کەوتبێتە زمانی کوردییەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ٣٩)، بەهۆی پێداویستی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە وشەکان هاتوونەتە ناو زمان، کە بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوە، دەبێتە وشەیەکی دیار لەزماندا، وەرگرتنی زاراوە سەرەتا لەلایەن تاکەکەسەوە دەست پێدەکات، دواتر کۆمەڵ و کەسانی دیکەش وەری دەگرن و بەکاری دێنن، لەئەنجامدا دەبێتە موڵکی هەموو کۆمەڵ و دەبێتە ڕەگەزێکی ئەو زمانەی کە وەری دەگرێت. (ڕۆژان نووری عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ١٣٩)، جگە لەمەش ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وەکو (شەڕ، نەخۆشی، کۆچ، داهێنان، بەکارهێنانی وتەی بەتەمەنەکان، و هۆکاری ئەدەبی)، لە ئەنجامی پەیوەندی دوور و درێژی ئابووری و جەنگ و کەلتوور، میللەتی کورد و میللەتانی تر، گەلێك ڕەگی وشە هاتوونەتە ناو زمانەوە بنچی خۆیان پتەوکردووە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥: ٤٠). سەرەڕای ئەمەش بەپێی بیر و ڕای زمانەوانان دیاردەی وەرگرتنی وشە زیانبەخش نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی زمان) (کامل حسن بصیر، ١٩٧٩: ٥١). وەرگرتنیش لە زمانێکی دیاریکراودا بەپێی قۆناغ و سەردەمی ئەو زمانە دەگۆڕێت، بەپێی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو زمانە پێشکەوتنەکانی و چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ زمانە دراوسێ و جیهانیەکان چەندێتی ڕاددەی ئەو پێوەندییە دەگۆڕێت (ابراهیم انیس، ١٩٧٢: ١١٩).

لەلایەکی ترەوە وشەی وەرگیراو هەندێجار وەك خۆی دێتە ناو زمان و پێی دەوترێ (هاوردە)، وەکو: ئیمەیڵ، ئینتەرنێت، هایدرۆجین ... هتد، بەڵام کە سازگەی زمانی دووەم بگۆڕێت و بکەوێتە ژێر دەستووری ڕێزمان و فۆنەتیکی ئەو زمانە پێی دەوترێ (گونجێنراو)، وەکو: زاراوەی (سەروەت، کتێب، سەعات، ئەرز ... هتد). بەڵام ڕێگای دووەم زانستی ترە، لەبەرئەوەی خاوەن زمان کاتێك وشەیەك وەردەگرێت، بەشێوەی فۆنەتیکی خۆی ئاسانتر دەبێت، هەروەها وەرگرتنی زاراوە بۆ ناو زمانی کوردی بێ دەستوور نییە بەپێی چەند بنەمایەکی واتایی و زاراوەسازی جێبەجێدەکرێت (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ١٣٩).

1. هەر زمانێك دەستووری زاراوەسازی و زمانەوانی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێك زاراوەیەك وەردەگرین پێویستە دەنگەکانی بخەینە ژێر کارتێکردنی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە.

2. بۆئەوەی زاراوەی وەرگیراو بچێتە ناو زمانە نوێیەکەوە وەك وشەی خۆماڵی هەڵسوکەوت بکات، پێویستە لەگەڵ دەستووری زمانە نوێیەکەدا بگونجێنرێت.

3. وشەی وەرگیراو بە ڕێنووسی زمانی کوردی بنووسرێت.

4. ئەگەر وشەیەکی خۆماڵی و بێگانە شانبەشانی یەك لە زمانی کوردیدا هەبوون، دەبێت کوردیەکەیان بکەینە زمانی ئەدەبی، بۆ ئەمەش لەهەر دیالێکتێك وەرگیرابێت گرنگ نییە.

٢-٥. جیاوازی نێوان زاری ناوچەیی و زاری کۆمەڵایەتی:

1. زاری ناوچەیی بەهۆی هۆکاری سیاسی و جوگرافییەوە دروستدەبێت، بەڵام زاری کۆمەڵایەتی بنەمای دروستبوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە.

2. بەهۆی زاری ناوچەییەوە شوێنی قسەکەر دەزانرێت، بەڵام بەهۆی زاری کۆمەڵایەتییەوە پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەزانرێت.

3. سنوری بەکارهێنانی زاری ناوچەیی فراوانەو هەندێجار بەشی هەرە زۆری وڵاتەکان دەگرێتەوە وەکو زاری کرمانجی ژوورو لەلای خۆمان، بەڵام زاری کۆمەڵایەتی سنوری بەکارهێنانی لەنێوان چین و توێژێکی دیاریکراودایە.

4. دیاریکردن و ناسینەوەی زاری ناوچەیی ئاسانە، کەچی ناسینەوەی زاری کۆمەڵایەتی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بەیەکدا چوون و گۆڕاون.

5. دەکرێ زارێکی ناوچەیی بەهۆی پێشکەوتنیەوە ببێتە بنەمای دروستبوونی زمانی ستاندارد، بەڵام زاری کۆمەڵایەتی ئەو خاسیەتانەی تێدانییە .

٢-٦. ڕۆڵی زارە کۆمەڵایەتیەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا:

ڕۆڵی شێوەزارە دیاریکراوەکانی ناو کۆمەڵ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەدا:

زمان بەگوێرەی شێوەزارە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان دەگۆڕێت، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گۆڕانی زماندا هەیە، لەبەرئەوەی تەنیا سنورە جوگرافی و سیاسیەکان سنور بۆ پلەکردنی خەڵك دانانێن، کە لە هەمان ناوەندا دەژین، بەڵکو شێوەزارە کۆمەڵایەتیەکانیش دەکرێ جیابن، هەروەکو چۆن لەڕووی بنەمای جوگرافیەوە جیاوازن (تابان محمد سعید، ٢٠٠٨: ٢١). هەروەها گەشەکردنی زمان پەیوەستە بە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە، هۆکارە نازمانیەکانیش (چین و توێژەکانی کۆمەڵ، ڕەگەز، ئایین، سیاسەت ... هتد) دەگرێتەوە. بۆیە بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی زارەکان لە گەشە و گۆڕانی زمان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا دەکرێ بەمشێوەیەی خوارەوە دیاری بکرێت:

1. شێوەزاری چین و توێژەکانی کۆمەڵ:

هەموو قسەکەرێکی زمان شێوازێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی خاسیەتی ئەندامەکانی ئاخاوتن بۆ دیاریکردنی (Accent)ی کەسەکە، ئاستی هۆشیاری، باری کۆمەڵایەتی، لایەنی ژینگە و پەروەردەی کاریگەری هەیە، لەلایەکی ترەوە گۆڕانە زمانیەکان لە فەرهەنگی زماندا بۆ گەنجینەی زمان زۆرن، هەروەها گۆڕانی زمانی بەپێی کات و تەمەنی کەسەکە دەگۆڕێت، جگە لەمەش چەندان دەربڕاوی تازە کە دێنە ناو زمانەوە وەکو: (جێڵ، تێل، نێت، میمۆری) خۆیان لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان گونجاندووە، ئەمەش دەریدەخات کە بەردەوام زمان لە گەشە و گۆڕاندایە، لەسەردەمی ئێستاشدا قسەکەری کورد لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا گشت وشەکانی بەکارناهێنێت، زمان بەشێوەیەکی گشتی لە خزمەتی پڕۆسەی پێوەندیکردن و کارلێککردنە کۆمەڵایەتیە سەردەمی و زیندووەکانی ناو کۆمەڵدایە (محمد محوی، ٢٠٠٩: ٩٣).

2. شێوەزاری خوێندەوار و نەخوێندەوار: لێرەدا شێوەزاری خوێندەوار و نەخوێندەوار بەهۆی جیاوازی تێڕامانیان بۆ ژیان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی زماندا جیاوازە، چونکە بۆ خوێندەواربوونی مرۆڤ پێویستە زمان بەکاربهێنرێت (محمد حسین عبدالعزیز، ١٩٨٣: ٩٣).

جگە لەمەش گەشەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری تاك بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری زۆر بەرچاو لە وشە و دەربڕینەکاندا، تەنانەت لە چۆنیەتی گۆکردنی دەنگەکانیشدا کاریگەری خۆی هەیەن (محمود السعران، ١٩٨٥: ٣٤). کەواتە

فەرهەنگی وشەی کەسێکی خوێندەوار و خاوەن ئەزموون و ڕۆشنبیر زۆر دەوڵەمەندترە لە کەسێکی نەخوێندەوار، بەمەش ڕووندەبێتەوە کەوا زمان ئاوێنە نمای ئەو کۆمەڵەیە کە بەکاری دێنێت.

3. شێوەزاری چینەکۆمەڵایەتیەکان: شێواز و فەرهەنگی وشەی جیاواز لەنێوان هەردوو چینی دەوڵەمەند و هەژار بەکاردێت، ئەوانەی کە لە چینێك یان توێژێکەوە دەگوازرێنەوە بۆ چینێکی تر توشی گەڵێ گرفت دەبن تا شێوازی چینەکە فێردەبن، هەندێك لەوانەی ئاستێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی دیاریکراو بەمەبەستی خۆجیاکردنەوە لەوانەی کە خاوەنی ئاستی ئابووری نزمترن.

4. شێوەزاری شارنشین و گوندنشین: لەناوچە جیاجیاکانی شێوەزاری پشدەردا جیاوازی لەنێوان شێوەی ئاخاوتنی خەڵکانی لادێ و شاردا هەیە، ئەم جیاوازیەش پێوەندی بە هەل و مەرجە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی هەردووکیانەوە هەیە، شارەکان بەگشتی شوێنی بەیەکگەیشتنی شارستانیەکان و چینی ئابووری کۆمەڵایەتی و بیر و ڕای جیاوازن، ئەمەش کاریگەری لەسەر فەرهەنگی وشە و بیری تاکەکان دەبێت، جگە لەمەش هەندێ وشە شارنشینان پێی ئاشنان و گوندنشینانیش فەرهەنگی وشە و شێوازی ئاخاوتنیان لە زمانەکەدا جیاوازە، لەبەرئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی مەرج و فۆڕمی ژیانی تاکەکان کار لە زمان دەکەن و زمانیش کاریان تێدەکات (محمد محوی، 2009: 90).

ڕۆڵی فەرهەنگی وشەی زمان دەتوانرێ بەپێی بواری بەکارهێنانی تاکەکان بگۆڕدرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

1. تەمەن: شێوەزارەکانی زمان لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی کەسەکان دەگۆڕێن، لە منداڵییەوە تاکو پیربوون زمانی کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە هەر تەمەنێکی ژیانی مرۆڤ شێوازی ئاخاوتنی تایەتی و دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەمە ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی وشەی زمان دەبێت، بۆنموونە منداڵ لە قۆناغی سەرەتای تەمەنیدا گۆڕانی فێربوونی زمانی و ئاخاوتنی لە لووتکەدایە. لەبەرئەوەی زمان ڕەگەزێکی زۆر گرنگە لە ژیانی منداڵدا و لە گەشەی مێشکدا بەتایبەتی لە سەرەتاکانی تەمەنیدا (عبدالستار طاهر شریف، ١٩٨٧: ٩). سەرباری ئەمەش تاکەکانی کۆمەڵ ئاشنای ئەو یاسا زمانیانەن کە لە تەمەنێکدا بەکاردێن، چونکە زمان بۆ هەر تەمەنێك خاسیەتی جیاکەرەوەی خۆی هەیە، لە کۆمەڵی کوردیدا پێویستە بەگوێرەی تەمەنی خۆی قسە بکات، چونکە هەموو کەسێك بەو گۆڕانکاریانەی ئەندامی جەستە و ئاخاوتندا دەڕوات تاکو پلەی پێگەیشتن،

هەرە پیرەکان وەکو گەنجەکان قسەناکەن، بێگومان شێوەی ئاخاوتنیان جیایە، بەگشتی بۆشاییەکی زمانی لەنێوان نەوەکانی زمانەکەدا هەیە (محمد معروف فتاح، ١٩٩٠: ١٠٣). بۆ نموونە:

"قەڵەم" بەپێی بەکارهێنان بۆ "پێنووس" گۆڕاوە.

"کولێرە" بەپێی شێوە ئاخاوتنی هەندێک لە گوندنشینانی ناوچەکە وشەی "ئەستووک" بەکاردێنن.

یاخود بەرامبەر وشەی "نزم" وشەی "نەوی" بەکاردەهێنرێت.

2. ئاین: بوارێکە زمان بەشێوەیەکی جیاواز تێیدا بەکاردێت، لەبەرئەوەی ئەو پێوەندیەی کەوا ئایین لەنێوان تاك و خوا دەریدەخات، پێویستی بە وشە و دەربڕینی تایبەت هەیە، مەبەست لێی شێوە زمانی ئاینیە، چونکە ئایین ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ژیانی کۆمەڵدا هەیە، لەبەرئەوەی زمان شادەماری کەناڵی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بۆیە بەپێی ڕای هەندێ لە زانایان بزافی زمانناسی لە کایەی ئاینیەوە گەشەی کردووە (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٧: ٤٢)، هەر لە مێژوویەکی دێرینەوە شێوە زمانی ئایین و زمانی نەتەوەیی کارێکی زۆریان لە یەکتری کردووە، هەردووکیان شانبەسشانی یەکدی گەشەیان کردووە، ئاینی ئیسلام و زمانی عەرەبی ڕۆڵێکی بەرچاویان لەهەڵبژاردنی فەرهەنگی وشەی زانا ئاینیە کوردیەکان هەبووە، هەندێکیان خۆیان بۆ ڕاڤەکردنی ئایین و زمانی عەرەبی تەرخانکردووە (حسین محمد عزیز، ٢٠٠٥: ٩٦).

3. ڕەگەز: ڕەگەز هۆکارێکی زۆر چالاکە بۆ دیاریکردنی جیاوازی لە شێوەی زمانی قسەکردن و پێکهێنانی شێوەزاری کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی زمان بەپێی شێوازی بەکارهێنانی مرۆڤ دەگۆڕێت لە ژینگەی ئاخاوتندا کەواتە جیاوازی لەنێوان شێوەی قسەکردنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەبینرێت، لە زمانی کوردیشدا ئەم گۆڕانانەی تێدا دەبینرێت، چەند تەکنیکێکی تایبەت بە ئاخاوتنی نێر و مێ هەیە، دیارە ئەمەش پێوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و پێوەندی کەسێتی خۆیەوە هەیە (محمد معروف فتاح، ١٩٨٥: ٢٢٣).

واتە بەگشتی فەرهەنگی وشەکانی ئافرەت جیاوازە لە فەرهەنگی وشەکانی پیاو، وەکو (کوڕت نەمرێ، ماڵوێران نەبیت، جەرگت نەسوتێ، لاڵ بم...هتد)، هەندێ وشەش لای پیاوان هەیە (ڕێزتان هەیە، لەخزمەتت دام، برای گەورەی...هتد)

شایەنی باسە تاکو ئافرەت لە پیاو دوور بێت جیاوازی فەرهەنگی وشەی نێوانیان زیاتر دەبێت، هەتاکو بواری کارکردن و تێکەڵاوییان زیاتر بێت فەرهەنگی وشەی نێوانیان نزیکتر دەبێت .

4. تابۆ: تابۆ بەگشتی شێوازی دەربڕینی زمانە بە واتا کۆمەڵایەتیەکان، بەمەبەستی خۆدوورگرتن لە بەزاندنی سنوری واتا کۆمەڵایەتیە دیارەکان زۆرێك لە زاراوەکان دەرنابڕێن، ئەمەش بەهۆی توانای زمان نییە لە دەربڕینیان، بەڵکو قسەپێکەرانی زمان نایانەوێ دەربارەی ئەم فۆڕم و چەمکانە بدوێن، دیارە وشە و دەربڕاو و یاسا تابۆکان لە هەموو زمانێکدا بەدیدەکرێن، لە کۆمەڵی کوردیشدا هەندێ لەو دەربڕاوانە وتنیان قەدەغەیە بەپێی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتیەکان، بە وشە و دەبڕینی هاومانا داپۆشراون، بۆ ئەو مەبەستە جیاجیانەی کە قسەکەری کورد پێویستە بەپێی مەبەست و ژینگەی ئاخاوتنی بیخاتە ڕوو. جگە لەمەش ئەو دەربڕینە هاوواتایانەی کە لە شوێنی وشە تابۆکان بەکاردێن دەشێت دوای تێپەڕبوونی کات ئەمانیش قەدەغە بن و وشەی تر شوێنیان بگرنەوە (نایف خرما،١٩٨٧: ٢٤٦).

٢-٧. نموونەی پراکتیکی فەرهەنگی بەشێک لە وشەکانی ناوچەی پشدەر:

ئاروو: هاروێ "خەیار"

ئاوزینگ: ئاویلکە (سەرەمەرگی مردنی کەسێك کاتێك دەمی دەکاتەوە و دادەخات).

ئاورینگ: قوڵکێکە ئاگری تێدا دەکرێتەوە.

بەربەرۆچکە: زستانان دوای ئەوەی تاو گەرم دەبێت، خەڵکی لە پەنا دیواران لەبەر تاو دەوەستن.

بنەگە: ئەو شوێنەی دەتەوێ لێی بمێنیتەوەو بار و بارگەی لێ دادەنێیت.

بنەبان: بەشی پشتەوەی ژوورەوە.

بستوو: شوێنێکی بەرزە بەهەر چواردەوری خۆیدا دەڕوانێت.

بناوان: لە لایەکی ڕووبار جۆگەیەك هەڵدەبەسترێت، وەکو سەرچاوە.

بانۆك: ئەو کەسەی بەرخ دەباتەوە بەر مەڕی، یان گوێلك دەباتەوە بەر مانگا.

برینگ: ئامێرێکە لەشێوەی مەقەستێکی گەورەدایە و خوری مەڕی پێ دەبڕنەوە.

پیرەلۆك: کە دەست و پەنجەی قاچی مرۆڤ زۆر لە ئاودا مایەوە پێستەکەیان هەڵدەئاوسێ، وەکو پێستی مردوو کفەڵ دەبێت.

پانکە: بەشێکە لە بەشەکانی تاوڵ بە ڕستێکەوە بە دینگەی تاوڵەکەوە دەبەسترێتەوە.

پساوکە: شوێنێکە بەهۆی گردێکەوە دوو دۆڵی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

توورەکە: وەکو کیسە وایە و لەمل دەکرێت و جاران شوان شت و مەکیان تێدا هەڵدەگرت.

تەونکەر: ئەو کەسەی مافوور و جاجمە دروستدەکات و دەتەنێت.

تەرگە: شوێنێکی هەمیشە شێدار و سەوزە.

تاڵکە: کاڵەکی نەگەیو، بەکاڵی تامی تفتە .

تاس: قاپ کە جاران لە فافۆن و مس دروستکرابوون.

جانوولە: بە فەرخەی (ئەسپ و مایین) دەوترێت جانوو (علی احمد حسین، 2022/7/3).

جەگەناوی: ئەو شوێنەی جۆرە گیایەکی سەوزی سێ سووچی زۆر ڕەق و تیژی لێدەڕوێ.

چوارشێو: چارشێو (نوێنی لەناودا قەد دەکرێن و هەڵدەگیرێن).

چاك: گۆڕی ئەسحابە یان گۆڕستان.

خورجێن: شتێکە وەکو تێر وایەو جاران جلکیان تێدا هەڵدەگرتن.

خڕنووك: جۆرێکە لە گیایەکی دڕکاوی ڕەقی ڕەنگ خۆڵەمێشی، بەرێکی قاوەیی خڕی نووك تیژ دەگرێت.

دزێو : ناشیرن.

دانگە: ئەو شوێنەی ئالیك و تفاقی لێ ڕۆدەکرێ بۆ مەڕ و ماڵات.

داوەڵ: دارێکە لە شێوەی مرۆڤ، جلکی لەبەر دەکرێ و لەناو دەغڵ و دان دەچەقێنرێت، تاکو باڵندە و گیانلەبەری تر لێی بڕەونەوە.

زیەڵێن: شوێنێك هەمووی داری زی لێبێت.

زالك: دەرکە یان دەرگا.

زەنگاڵ: لە خووری و موو دروستدەکرێت و لەشێوەی گۆرەوی لەپێدەکرێت، بە بەنێکی بەهێز لە قاچ دەبەسترێت لە کاتی ساردی و سەرما.

سەراوەرە: پارچە ئاسنێکە لەسەر ئاگردان دادەنرێت، چێشتی لەسەر لێدەنرێت.

شێو: چێشت.

شلك: ناسك و نەرم و پێنەگەیشتوو.

شەڕگە: ناوی لوتکە چیایەکە لە دەڤەری پشدەر.

شەوێن: لە نیوەی شەودا مەڕ دەبرێتە لەوەڕاندن.

شوترك: چڵە نەمامێکە زۆر ناسك و تەڕ بۆ لێدان زۆر بەئازارە.

قرپۆك: گوێز کە ناوەکەی بەتاڵ و پووچە.

قوچەك: پارچە ئاسنێك ژنان لە پەنجەی دەکەن، بۆ درووماني دەستی.

قامك: پەنجەی دەستی مرۆڤ.

قورینگ: باڵندەیەکی کێویە.

قولینچك: گۆشەی ناوەوە و دەرەوەی خانوو یان ماڵ.

قوڕاو: چێشتێکە لە ماست و گۆشت و گیای کوێستان دروست دەکرێت.

کێلێژە: دارێکە دوو گوێی هەیەو لە دار چوارداخی تووتن یان کەپری مێو دادەنرێت.

کیفۆك: گیایەکی کوێستانە ، کیفێکی سپی دەردەکات.

کولێن: کونەپێست ئەو شوێنەی پەنیری پێستەی تێدا هەڵدەگیرێت تاکو خراپ نەبێت.

کولاوکە: کونێکی بازنەییە جاران لە سەربانەکان دەکرا تاکو ڕۆشنایی بێتە ناو ماڵان.

کۆدەڵان: ناوی لوتکەیەکی بەرزی چیای قەندیلە.

کوتك: دارێکە سەرەکەی پارچە ئاسنێکی خڕی پێوەیە بۆ کارکردن.

کەشکەك: چێشتێکە لە کەشك و دۆ دروست دەکرێت.

کاڵ کاڵ: ناوی گوندێکی ناوچەی پشدەرە.

کەڕەگەڵ: گەڵای وەریوی پایز کە کۆدەبێتەوە و دەڕزێت (محمد علی عەبدوڵڵا، 2022/7/14).

گڕگە، جۆرە نەخۆشییەکی مەڕ و ماڵاتە، یان جۆرە گیایەکە لەناو زەویەکان دەڕوێت.

گەزەکچی: ئەو کەسەی کە بە تەنیا لە گوندێك دەمایەوە بۆ پاراستنی تاکو خەڵکەکەی لە کوێستانەکان دەگەڕانەوە.

گەسك گەسك: گیایەکی زوورە و خرووی زۆرە، ناوی گوندێکیشە.

گوڵەستێرە: کرمێکی بچووکە وەکو لایت، شەوقێکی لێوە دەردەچێت، بەهاران پەیدا دەبێت.

گۆزەڵە، دیزەڵە: لە قوڕێکی سووری شێلراو و سوورکراوە دروستدەکرێت، ئاوی تێدا هەڵدەگیرێت.

لێڕەوار: ئەو دارستانە چڕەی دەکەوێتە داوێنی چیاکان.

مسکێن: بەچینی هەژار و بەردەستی ئاغاو خەڵکی هەژاری جاران دەوترا.

نارەسەن: بەشتێك یان کەسێکی ناپەسەند دەوترێت (محمد محمود ملا، 2022/7/18).

ئەم وشانەی سەرەوە لە شێوەئاخاوتنی تاکەکانی ناوچەی پشدەردا زۆر باون و بەکاردەهێنرێن، هەروەها لە دووتوێی فەرهەنگە ناوچەییەکانیشدا بەتایبەتی فەرهەنگی ناوچەی پشدەر تۆماردەکرێن و، ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەبێت، ئاشکرایە هەر وشەیەکی بەشەئاخاوتنی ناوچەکەش بەپێی ژینگەی ئاخاوتن و شوێن و بابەتی دیاریکراوی نێوان تاکەکانی ناوچەی پشدەر بەکاردەهێنرێت.

ئاشکرایە کە شێوازی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی بەهۆی فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەندی ناوچەی پشدەرەوە لە ڕێی ئاخاوتنی باو و دیاریکراوی تاکەکانی ناوچەکەیە دەربارەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بەمەبەستی وێناکردنی ڕووداوی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە، یاخود لەسەر ئاستی دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری ناوچەکە، کە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی هەگبەی وشەکانی ناوچەکەی بەرجەستە کردووە، ئەمەش لەشێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی تاکەکانی ناوچەکە و ڕستە بەکارهاتووەکانی ئاخاوتنی ناوچەکە ڕەنگی داوەتەوە، واتە لە لقە ئاستە جیاجیاکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و دەقی ئەدەبی و ئاخاوتن دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە هەندێ ڕستەی وەکو:

آ. ئەحمەدی دارەکانی قەڵاشتن.

ب. ڕەسووی بیورەکانی سوین.

پ. خەجێ پەنجەکانی بزاوتن.

ج. هەموو منداڵەکان بزوتن.

لە ڕستەی (آ)دا وشەی (قەڵاشتن)بە مانای (کەرتکردن) دێت، لە ڕستەی (ب)دا وشەی (سوین) واتە (دەمدانەوە و تیژکردن)، لە ڕستەی (ج)دا (بزاوتن) بە مانای (جووڵاندن)، لە ڕستەی (ج)یشدا (بزووتن) بە مانای (جووڵان) دێت. هەروەها لە هەندێ ڕستەی بکەرنادیاردا دەوترێت:

آ. زەنگاڵەکە دەچنەرێ.

ب. بانووەکە دەکێڵەرێ.

مەڕەکە دەدۆشەرێ.

یاخود لە ڕستەی لێکدراوی (مام ڕەسو قەڵس بوو، بەڵام زەڕی بۆ کەس نەبوو.)

لەم ڕستەی سەرەوەدا وشەکانی (قەڵس، زەڕ) بە واتای (تووڕە، زیان) دێن. هەروەها دەتوانرێت شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکە لە هەندێک نموونەی خەندەئامێزی فۆلکلۆریدا بخرێتە ڕوو:

"دەبەرت مرم کەڵە پیاو هەر خۆ سەغڵەت ناکات، زۆر پێکەنیم، شەرتێ بێمە سەردەشتێ گەردنێ خۆت پێ ئازاد بکەم، ئەو دەنگەت زۆر زوڵاڵە و لە دەنگێ کەڵەبابی سەر بارەدارێ دەچێت، ئەگەر بە فرووجی دەیبەنە

سەر مەیدانێ بۆ فرۆشتنێ." (حەمەد عەوڵا وسوو، فۆلکلۆر، 2022/7/12).

یاخود دەگێرنەوە دەڵێن: "مام وسو لە مەلای مزگەوتێ پرسی مامۆستا ئەوە تەیەموم چۆن دەبێ و چلۆن دەکرێ؟

مامۆستا بۆی باسکرد ئاوا دەستی دەخۆ دەخۆڵێ وەردەکوتی، فووی لێ دەکەی و لە دەم و چاوانی هەڵدەسووی، هەتا ئانیشکان دەست پێدا دێنی، تەواو.

مام وسوو گوتی بەخوای مامۆستا ئیهواله حاڵی نابم، دا بە حەمەلیم لەبۆ بکە بزانم ئی چلۆنە؟

مامۆستاش داهاتەوە و هەڵترووشکا، دەستی لەبۆ خۆڵەکێ برد، بە خۆڵێ دادا، لەنەکاو ڕاقەنا، بەڵام هیچ خۆی شلوێ نەکرد، هەمووی بۆ مام وسووی ڕوونکردەوە، گوتی: مامە حاڵی بووی چۆنە؟

مام وسوو گووتی: ئەرێوەڵلا چاک حاڵی بووم." (وەسمان علی ڕەسو، 2022/6/28)

**ئەنجامەکان:**

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1. ئەگەر زاراوەیەك لەناو كۆمەڵێكدا بۆ بیر و باوەڕێكی تایبەتی یان داهێنانێك دروستكرابێ، دەكرێ لە زمانی كوردیدا وەكو خۆی بێ گۆڕانی دەنگەکانی وەربگیرێت و بەکاربهێنرێت، پێویستە بە ڕێنووسی زمانی خۆماڵی بنووسرێت.

2. بەكارهێنانی وشە و دەربڕینەكان لە بۆنە و پێوەندیە كۆمەڵایەتیە جیاوازەكاندا، سەرچاوەیەكی زۆر ئەكتیڤن، بەمەبەستی دروستبوونی فرەواتایی و هاوواتایی، كە ئەمەش ڕێگەیەكی چاكە بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی وشەی زمان.

3. هەر بوارێکی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ خاوەن دەربڕینی دیاریکراوی خۆیەتی، چونکە شێوەزارە جیاکانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵن.

4. شێوەزاری ناوچەی پشدەر خاوەنی فەرهەنگێكی وشەی دەوڵەمەندی زمانە لە گشت بوار و بۆنە جیاجیاكانی تاكەكانی كۆمەڵی كوردیدا، كە ڕۆڵێكی كاریگەر دەگێڕێت لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی وشەی كرمانجی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا.

5. بەپێی بەشەكانی ئاخاوتنی شێوەزارەكە وشەی گونجاو لە فەرهەنگی شێوەزارەكەدا بەپێی بابەت و چەمكی دەربڕاوەكان لە ژینگەی ئاخاوتنی جیاجیادا بەكاردەهێنرێت.

**سەرچاوەکان:**


بە زمانی کوردی:

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢. ئیبراهیم ئەمین باڵدار، (١٩٩٢)، الف و بێ، مطبعة الساحة العامة، بغداد.

٣. احمد محمود خلیل، (٢٠١٠)، مێژووی کورد لە شارستانیەتی ئیسلامدا، و: زرار علی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٤. بەدران ئەحمەد حبیب، (٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، ئینگلیزی - کوردی – عربی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥. بەکر عومەر علی، (٢٠٠٠)، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦. بەکر عومەر علی و شێرکۆ حمە ئەمین (٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی.

٧. تابان محەمەد سعید، (٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨. حسین محمد عزیز، (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی.

٩. ڕەفیق سابیر، (٢٠٠٨)، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٠. ڕەفیق شوانی (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای موکریان، هەولێر.

١١. ڕەفیق شوانی، (١٩٩٨)، کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گ: کاروان، ژ. (١٢٧).

١٢. ڕۆژان نووری عەبدوڵلا،(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

١٣. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگ: (یەکەم ، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٤. عەبدوڵلا رسول عەبدوڵلا، (٢٠١٣)، عەشیرەتی مەنگوڕ، ئینستیتۆی کورد و و کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٥. عەبدوڵلا غفور محمد، (2000)، جوگرافیای کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٦. علی خدر علی، (٢٠١١)، ژیانی بناری قەندیلی جاران، چاپی یەکەم، کتێبخانەی گشتی، سلێمانی.

١٧. عبدالمحسن بنی ویس علی، (١٩٨٧)، چەند زاراوەیەکی ڕەسەن، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٤).

١٨. فوئاد حمە خورشید، (١٩٨٥)، زمانی کوردی – جوگرافیایی دیالێکتەکانی، چاپخانەی افاق عربیة، بەغدا.

١٩. قەیس کاکل تۆفیق، (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس.

٢٠. کامل حسن البصیر، (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٢١. مەلا علی ئەبوبەکرێ، (٢٠٠٤)، مردووەژی، چاپی یەکەم، سەنتەری سەهەند، سلێمانی.

٢٢. محمد معروف فتاح، (١٩٨٥)، شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتانی سلێمانیدا، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٠٧).

٢٣. محمد معروف فتاح، (١٩٩٠)، زمانەوانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٢٤. محمد محوی، (٢٠٠٩)، مۆرفۆلۆجی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٢٥. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا، (٢٠٠٩)، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢٦. یوسف شەریف سعید، (٢٠٠١)، کۆمەڵێ نووسەر تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی، گ: نووسەری نوێ، ژ. (١٩)، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

بە زمانی عەرەبی:

٢٧. ابراهيم انيس، (١٩٧٢)، من أسرار اللغة، الطبعة الرابع، الانجلو، القاهرة.

٢٨. حاتم صالح الضامن، (١٩٩٠)، علم اللغة، المطبعة التعلم العالي، الموصل

٢٩. حسام البهناوي، (٢٠٠٤)، العربية النصحي و لهجاتها، الثقافة الدينية، القاهرة.

٣٠. عبدالستار طاهر شريف، (١٩٨٧)، الذخيرة اللغوية عند الطفل الكردي في منطقة كردستان، دار الثقافة الكردية، بغداد.

٣١. علي عبدالواحد الوافي، (١٩٩٦)، نشأاللغة عند الانسان وانطفل، مكتبة غريب، قاهرة.

٣٢. محمود السعران، (١٩٨٥)، اللغة والمجتمع، المطبعة الاهلية، بنغازي.

٣٣. محمد حسين عبدالعزيز، (١٩٨٣)، مدخل الي علم اللغة، دار النمو.

٣٤. محمد علي الخولي، (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري - مكتبة لبنان، بيروت.

٣٥. نايف خرما، (١٩٨٧)، أضواو علي الدراسات اللغوية المعاصرة، كويت.

**چاوپێکەوتن:**

٣٦. حەمەد عەولا وسوو، فۆلکلۆر، هەڵشۆ، (2022/7/12).

٣٧. على احمد رسول، سەنگەسەر، 2022/7/3.

٣٨. محمد محمود ملا، ژاراوە، 2022/7/18.

٣٩. محمد على عەبدوڵڵا، قەڵادزێ، 2022/7/14.

٤٠. (وەسمان على رەسو، فۆلکلۆری ناوچەی پشدەر، ئیسێوە، (2022/6/28



**المستخلص:**

إن هذا البحث هو بعنوان دور لكنة منطقة بشدر في اثراء معجم الألفاظ اللغة الكوردية، نبحث هنا عن علاقة بين اللهجات واللكنات الجعبة الفنية للأصطلاحات من منطقة بشدر، لطالما العلاقة بين اللهجة واللكنة هي عبارة عن علاقة الفرع بالأصل اذ هما متلازمتان.

و يمكن أن القول اللكنة بسورة عامة عبارة عن "النمط الخاص للكلام والذي يستخدم لذا مجموعة معينة من الناس عند تعاملهم مع بعض، في حين ان المعجم عبارة عن جعبة التسجيل عبارات اللغة للحفاظ عليها، و كذالك كتاب مصدر ثم تدوينها بصورة خاصة للأضهار و بيان معاني و كافة العبارات الموجودة بداخلهم.

من المعلوم ان اللكنات واللهجات أساس للبناء شتى اللغات، و وفقا للعلاقة العميقة الموجودة بين علم اللغة و علم المعاجم، كل عبارة يستخدم في بيئة معينة لدلالة معين تؤدي الى نمو هذه اللغة سواء أكانت مدونة أ غير مدونة؟

و يتكون هذا البحث من مبحثين، بدأنا في المبحث الأول بنبذة حول اللكنة واللهجة و كيفية التعريف، و في المبحث الثاني تعرضنا للأسباب نشؤ و كثرة اللهجات في اللغة. و بحثنا في المطلب الثالث حول العوامل الرئيسية في بناء اللهجة في اللغة الكوردية و في المطلب الرابع تناولنا العلاقة بين اللهجة واللغة، ثم بينا الأختلافة بينهما و في المطلب السادس تعرضنا لأنواع اللهجات المختلفة.

و أما في المبحث الثاني تناولنا في المطلب الأول لمحة عن منطقة بشدر من الناحية الجغرافية، و في المطلب الثاني تترقنا لمستخلص حول المعجم و في المطلب الثالث تناولنا عوامل اثراء المعجم، و في المطلب الرابع بحنا عن طرق كيفية دخول العبارات الى المعاجم و في المطلب الخامس تترقنا بصورة موجزة للهجة المحلية والأجتماعية، و تناولنا في المطلب السادس دور اللهجات الأجتماعية في اثراء المعجم وفي المطلب السابع بحثنا عن النماذج التطبيقية للمعجم اصطلاحات و عبارات منطقة بشدر و دورها الملحوظ في اثراء معجم العبارات اللغة و اختتم البحث بأهم النتائج التي تواصلنا اليها.



Abstract:

This study, 'The Role of Pishdar District Dialect in Enriching Kurdish Lexicon Dictionary' discusses the relation among dialects and the breadth of vocabulary in Pishdar District for enriching Kurdish dictionary because the relation between dialects and a language; is the relation between a part to the whole .

It can be said that a dialect is a different way of speaking in society that is used in a language and by the people of a certain region as a means of communication. However, in a dictionary words of a language are recorded so that they can be preserved. A dictionary is also a reference book containing the lexicon of a certain language arranged in a particular way for stating and explaining the meaning(s) of all the words.

It is obvious that dialects are bases for constituting every language. Based on the long relation that has been there between linguistics and lexicography, each word in a language that is used in a special occasion for communication expressing a purpose, whether recorded in a dictionary or not, leads to enriching the dictionary of the language .

This study, in addition to the introduction, conclusion, and the references list, consists of two major parts. In the first section of part one, a brief introduction is given to define languages and dialects. In the second section, reasons behind the appearance and multiplication of dialects in languages are explained. In the third section, the basic reasons behind the appearance of Kurdish language are discussed. The fourth section states the important relations between a language and its dialects, and then their differences are explained. In the sixth section, various types of languages are discussed.

In the second part, the geography of Pishdar District is explained briefly. In the second section, a definition is given for dictionaries, followed by reasons for enriching a dictionary in the following section. In section four, ways in which words find their way into dictionaries are explained, and then the differences between regional and social dialects are discussed briefly. In the sixth section of this second part, the roles of social dialects in enriching a dictionary are stated. In the final section, the practical examples for the Pishdar District lexicon and their evident role in enriching Kurdish language dictionary are stated .

The study ends with conclusions and the references list.


Keywords: Language, Dialect, sub Dialect, Accent, Lexicon word .